# یەکپارچەیی خاک[1]

سێر مایکڵ وود

وەرگێڕ: ئەروەند سالاری

## پێشەکی / پێناسە

«بنەواشەی یەکپارچەیی خاک بەشێکی گرنگی نەزمی یاسایی نێودەوڵەتییە و لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەتایبەتی لە بڕگەی چوارەمی مادەی دووەمدا» [١] (پەیوەست بە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هێز)، هەروەها لە گەلێک دەقی گرنگی تردا، لەوانەش دەقگەلی تایبەت بە مافی چارەیخۆنووسین بایەخی پێ دراوە و بەرز نرخێندراوە. ئەم چەمکە پارێزراوی و پێویستیی پێشێلنەکردنی خاکی دەوڵەت، بریتی لە خاکی ژێر کۆنترۆڵ و خاوەندارێتیی کارا و کاریگەری دەوڵەتێک لە خۆ دەگرێت. دادگای نێودەوڵەتی لە بڕیارێکدا ئەمەی یەکلایی کردووەتەوە کە «بازنەی بنەواشەی یەکپارچەیی خاک تەنیا لە بوار و چوارچێوەی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتاندا قەتیس دەمێنێت.» [٢] [١] (دادگای نێودەوڵەتیی داد، گونجانی جاڕنامەی تاکلایەنەی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی، بۆچوونی ڕاوێژکاری، ڕاپۆرتەکانی دادگای نێودەوڵەتیی داد (٢٠١٠)، بڕگەی ٨٠. [٢] هەمان ژێدەر.)

## ڕەوتی پەرەسەندنی مێژوویی

چەمکی یەکپارچەیی خاک، ئەگەر نەڵێین تەنانەت زاراوەکە خۆیشی، بە ڕادەی دەوڵەتی سەروەر کۆنە. یەک لە مافە زاتی و دانەبڕاوەکانی سەروەری و سەربەخۆییە. بایەخە سەرەکییەکەی بۆ بواری یاسای نێودەوڵەتی سەبارەت بە بەکارهێنانی هێز (*the jus ad bellum*) دەگەڕێتەوە. تا کاتی داڕشتنی یاسای قەدەغەکردنی گشتیی بەکارهێنانی هێز لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، یاسای نێودەوڵەتی تەنیا بە شێوەیەکی زۆر کۆلکە و پڕکەموکووڕی یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتانی دەپاراست. بەکارهێنانی فرەجۆری هێز لە کاتی «ئاشتیدا» کەوتە ژێر کۆمەڵێک سنووردارکردنەوە کە یاسای نێودەوڵەتی هێنابوونیە ئاراوە، و پەیمانی کۆمەڵەی نەتەوەکان هەندێک سنوورداریی ڕێکاریی سەپاند. بەڵام تەنیا دوای پەیمانی کێلۆگ-برایاند لە ساڵی ١٩٢٨دا بوو کە دەوڵەتان دەستبەرداری شەڕ وەک ئامرازێکی سیاسەتی نەتەوەیی بوون. دوابەدوای جەنگی جیهانیی دووەم، پەیماننامەی نەتەوە

---

[1] ژێدەری وتاری ماک: ئینسایکلۆپیدیای زانکۆی پرینستۆن؛

https://pesd.princeton.edu/node/686

یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٥دا قەدەغەکردنی گشتیی بەکارهێنانی هێزی سەپاند و تەنیا ئەو حاڵەتانەی لێ هەڵاوێر دەکرد کە ئەنجوومەنی ئاسایش لە پێناو مافی زاتیی بەرگریکردن لە خۆ، ڕێگەی پێ دەدا (بڕوانە Waldock).

## ئاماژە تیۆرییەکان

چەمکی یەکپارچەیی خاک بۆ سیستەمی دەوڵەتی وێستفالیایی چەمکێکی بنەڕەتییە و بناغەی ڕێسا هاوچەرخەکانی یاسای نێودەوڵەتیی پەیوەست بە بەکارهێنانی هێز پێک دەهێنێت، هەروەک چۆن لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و یاسای نێودەوڵەتیی نەریتیدا بەرجەستە کراوە. ئەمڕۆکە کەسانێکی زۆر تەحەدای ئەم تێڕوانینە بۆ جیهان دەکەن. زۆرجار دەگوترێت کە گرنگیی ڕوولەگەشەی یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ، لەوانە مافی چارەیخۆنووسین، بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەم ڕوانگەیە لە باو بکەوێت و بەسەر بچێت. سەرەڕای ئەمەش، ئەم چەشنە بۆچوونانە لە بنەڕەتدا سروشتێکی سیاسییان هەیە، و وەک بابەتێکی یاسایی ئەستەمە بتوانین دان بە هەر چەشنە لاوازبوونێکی بنەواشەی یەکپارچەیی خاکدا بنێین. بۆ نموونە، ئەوە نیگەرانی سەبارەت بە یەکپارچەیی خاک و سەقامگیریی سنوورەکان بوو کە وای لە ڕێکخراوەی یەکگرتوویی ئەفریقا (یەکێتیی ئەفریقای ئەمڕۆکە) کرد کە تەنانەت لە کاتی سەربەخۆییشدا پێداگری لەسەر پاراستن و ڕاگرتنی سنوورە کۆلۆنیاڵییەکان بکات. لە ڕاستیدا یاسای نێودەوڵەتی جێگە و پێگەیەکی بنگەهیی بۆ یەکپارچەیی خاک، تەنانەت لە بەستێن و بابەتی چارەیخۆنووسینیشدا تەرخان کردووە. کەسانێک تەنانەت ئەوەندە دەچنە پێش کە دەڵێن کە لە سەردەمی بەجیهانیبووندا، بنەواشەی یەکپارچەیی خاک چیتر ئەو بایەخەی کە پێشتر هەیبوو نەیماوە. ئەم ڕوانگەیە زۆرتر لە لایەن پسپۆڕانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە هاتووەتە ئاراوە. تاقمێکی کەم لە مافناسانی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەو ڕوانگەیە هاوڕان؛ دادگای نێودەوڵەتی لەم دواییانەدا جارێکی تر جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە ئەم بنەواشەیە «بەشێکی گرنگی نەزمی یاسایی نێودەوڵەتییە». [١] لە مادەی ٢,٤ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە: «لەسەر هەموو ئەندامانە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیاندا خۆیان لە هەڕەشە یان بەکارهێنانی هێز لە دژی یەکپارچەیی خاک یان سەربەخۆیی سیاسیی هەر دەوڵەتێک، یان بە هەر ڕێگە و شێوازێکی دیکە کە لەگەڵ ئامانجەکانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ناتەبا بێت و یەک نەگرێتەوە، بە دوور بگرن.» بنەواشەی ئاماپێکراو لە مادەی ٢,٤ و لەگەڵ ئەویشدا چەمکی یەکپارچەیی خاک، لە بەیاننامە گرنگەکانی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، لەوانەش بەیاننامەی پەیوەندییە هاوڕێیانەکانی ساڵی ١٩٧٠ و پێناسەی دەستدرێژیی ساڵی ١٩٧٤، دووپاتە کراوەتەوە و بە وردەکارییەوە ڕوون کراوەتەوە. دەستەواژەی «دژی یەکپارچەیی خاک و سەربەخۆیی سیاسیی هەر دەوڵەتێک» لە کۆنفرانسی سانفرانسیسکۆ لە ساڵی ١٩٤٥دا خرایە سەر مادەی ٢,٤ی پەیماننامەکە تاکوو جەخت لە گرنگیی پێشێلنەکردنی یەکپارچەیی خاک و سەربەخۆیی سیاسی بکرێتەوە؛ و ناتوانرێت ئەم چەند وشەیە (وەک ئەوەی ناوەبناوە دەگوترێت) وەک سنووردانەر و بەرتەسککەرەوەی بنەواشەی بەکارنەهێنانی هێز کە لە پەیماننامەکەدا بەرجەستە کراوەتەوە، دابندرێت و لێک بدرێتەوە. شایەنی باسە کە چەمکی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هێز، کە ڕەنگدانەوەی بنەواشەی یەکپارچەیی خاکە،

پارێزگاری لە خاکی ژێر کۆنترۆڵ و خاوەندارێتیی کاریگەری دەوڵەت دەکات، نەک تەنیا ئەو خاکەی کە بە فەرمی و یاسایی سەر بەوە [٢]. ئەو ڕاستییە کە سەروەری بەسەر پارچە خاکێکدا جێی موناقەشەیە و ناکۆکیی لەسەرە، بە هیچ شێوەیەک ئەو مافە بە دەوڵەتێک نادات کە بە مەبەستی «گەڕاندنەوەی» خاکێک کە ئیدعای دەکات و لکاندنەوەی بە خۆی، هێز بە کار بهێنێت؛ هەستان بەم کارە یەکپارچەیی خاکی ئەو دەوڵەتە پێشێل دەکات کە ئەو خاکە موناقەشەلەسەرەی لەژێر کۆنترۆڵدایە. نابێ هێز «وەک ئامرازێک بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکی و موناقەشە نێودەوڵەتییەکان، لەوانەش موناقەشە سەرزەمینییەکان و کێشەکانی تایبەت بە سنوورەکان» کەڵکی لێ وەربگیرێت (بەیاننامەی پەیوەندییە هاوڕێیانەکان). دەکرێت یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتێک بە هێرش و دەستدرێژیی هێزی سەربازیی دەوڵەتێکی تر بۆ سەر ئاسمانی ئەو دەوڵەتە، و گەر هەیبێت، بۆ سەر ئاوە ناوخۆییەکان و ئاوە کۆدوورگەییەکان (جگە لە حاڵەتی بەکارهێنانی مافەکانی کەشتیوانیی دەریایی) و دەریای سەرزەمینیی ئەو دەوڵەتە پێشێل بکرێت. بەڵام دەکرێت بە شێوەی ناڕاستەوخۆش پێشێل بکرێت، بۆ نموونە لە ڕێگەی «ڕێکخستن یان هاندانی ڕێکخستنی هێزی سەربازیی نارێک[٢] یان گرووپی چەکدار [...] بۆ پەلاماردانی خاکی دەوڵەتێکی دیکە» (بەیاننامەی پەیوەندییە هاوڕێیانەکان)، هەروەها پاڵپشتی و چەکدارکردنی گرووپی یاخی و سەربزێوکار («داگیرساندنی ململانێ و شەڕی ناوخۆیی یان کردەوەی تیرۆریستی»، بە پەیڤ و گوتەی بەیاننامەی پەیوەندییە هاوڕێیانەکان). هەروەها دەکرێت بە ڕێگەدان بە بەزاندنی سنوور و تێپەڕبوون لێی لە لایەن تاقمی ڕێکخراوی پێکهاتوو لە کەسی ئاسایی، یەکپارچەیی خاک پێشێل بکرێت. گرنگیی بنەواشەی یەکپارچەیی خاک بەم ڕاستییە دەردەکەوێت کە هەم لە پێناسەی «دەستدرێژی»ی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٧٤دا ((UNGA res. 3314 (XXIX)) و هەم لە پێناسەی «تاوانی دەستدرێژی»دا کە لە کۆنفرانسی پێداچوونەوە بە پەیڕەوی ڕۆمای دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە ساڵی ٢٠١٠دا پەسند کراوە (Res. RC/Res.6)، «دەستدرێژی» یان «کردەوەی دەستدرێژی» بە واتای بەکارهێنانی هێزی چەکدار دژی یەک لەوانە، یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتێکی ترە. [١] (دادگای نێودەوڵەتیی داد، گونجانی جاڕنامەی تاکلایەنەی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی، بۆچوونی ڕاوێژکاری، ڕاپۆرتەکانی دادگای نێودەوڵەتیی داد (٢٠١٠)، بڕگەی ٨٠. [٢]) کۆنترۆڵکردن و خاوەندارێتیی کاریگەر لە ڕێگەی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هێزەوە پارێزراوە، نەک لە ڕێگەی بنەواشەی یەکپارچەیی خاکەوە (بڕوانە ئۆسکار شاختەر).

## کارپێکردنی پراکتیکی

خاڵێکی دەستپێک و ڕێگەیەک بۆ تێگەیشتن و چوونەناو چەمک و بیرۆکەی یەکپارچەیی خاک دەتوانێت پەرەپێدانی «بەرپرسیارێتیی پاراستن» بێت، بەڵام ئەمەش زۆرتر بابەتێکی ڕامیارییە، نەک چەمکێکی یاسایی. هێشتا

[٢] هێزێکی سەربازی کە سەر بە سوپای جێگیر و هێزی چەکداریی فەرمیی دەوڵەتێک نییە؛ irregular forces (وەرگێڕ)

بۆ هەڵسەنگاندنی پێگە یان کاریگەریی ئەم چەمکە زۆر زوویە. کۆڕی گشتیی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕگەی ١٣٩ی بەڵگەنامەی دەرەنجامی لووتکەدا (بڕیارنامەی ٦٠/١ی ئەیلوولی ٢٠٠٥)، کە لەسەر ئاستی سەرۆکی دەوڵەتان و حکوومەتان بەڕێوە چوو، دووپاتی کردەوە کە «ئێمە ئامادەین لە حاڵەتێکدا کە ڕێگا و ئامرازگەلی ئاشتییانە وەک پێویست دەور نەبینن و بەرپرسان و خاوەن دەسەڵاتەکانی دەوڵەتان بە ئاشکرایی توانای هەستان بە پاراستنی دانیشتووانی خۆیانیان لە جینۆساید، تاوانە جەنگییەکان، پاکتاوکردنی ئەتنیکی و تاوان دژی مرۆڤایەتی نەبێت، لە ڕێگەی ئەنجوومەنی ئاسایشەوە، بە گوێرەی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەوانەش بەشی حەوتەم، بە شێوەیەکی بابەتییانە و بەپێی حاڵەتی هەر مەلەفێک و بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە خۆجێییە پەیوەندیدارەکان وەک پێویست، ڕێک لە کاتی گونجاو و بە شێوەیەکی لێبڕاوانە و یەکلاییکەرەوە، هەنگاوی بەکۆمەڵ هەڵێنین و ڕێوشوێنی بەکۆمەڵ بگرینەبەر.» ئەم بیرۆکەیە دوابەدوای ئەم لووتکەیە لە لایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەژێر لێوردبوونەوە و تاوتوێی بەردەوامدا بووە، و لە بڕیارنامەکانی کۆڕی گشتی و ئەنجوومەنی ئاسایشدا دووپات کراوەتەوە و هاتووەتە ئاراوە. سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٠٩وە ڕاوێژکارێکی تایبەتی دەستنیشان کردووە و کۆمەڵێک ڕاپۆرتی داوەتەوە دەرەوە. گرژییەکی دیاریکراو لە نێوان مافی چارەیخۆنووسین و یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتاندا هەیە. لە بڕگەی حەوتەمی بەیاننامەی پەیوەندییە هاوڕێیانەکاندا لەژێر ناونیشانی «بنەواشەی مافە یەکسانەکان و چارەیخۆنووسینی گەلان» (کە بە ناوی «بڕگەی پاراستن» ناسراوە) دەڵێت کە: «هیچکام لە بڕگەکانی سەرەوە نابێ وەک ئیزندان یان هاندانی هەر کردەوە و هەنگاوێک لێک بدرێتەوە کە دەبێتە هۆی پارچەپارچەکردن یان خەسارگەیاندنی تەواوەتی یان بەشەکی بە یەکپارچەیی خاک یان یەکێتیی سیاسیی دەوڵەتانی سەروەر و سەربەخۆ کە بەپێی بنەواشەی مافە یەکسانەکان و چارەیخۆنووسینی گەلان، وەک لە سەرەوە ڕاڤە کراوە، دەجووڵێنەوە و خۆیان بەڕێوە دەبەن، و لەم ڕووەوە خاوەن حکوومەتێکن کە نوێنەرایەتیی تەواوی گەلی سەر بەو خاکە دەکات بەبێ هیچ چەشنە جیاوازی و هەڵاوردنێک لە بابەت ڕەگەز، بیر و باوەڕ یان ڕەنگەوە». بڕگەی دواتر لێبڕاوانە و بە شێوەیەکی یەکلاییکەرەوە ئەمە دەردەبڕێت کە «هەموو دەوڵەتێک دەبێ خۆی لە هەر کردەوە و هەنگاوێک بەدوور بگرێت کە ئامانج لێی شێواندن و تێکدانی تەواوەتی یان بەشەکیی یەکێتیی نەتەوەیی یان یەکپارچەیی خاکی هەر دەوڵەت یان وڵاتێکی تر بێت [MGK/KDM2].» ئەم گرژییە لە دۆسیەی کۆسۆڤۆدا گەلێک گەنگەشەی لەسەر کرا، بەڵام دادگای نێودەوڵەتی چارەسەری ئەم بابەتەی بە پێویست نەزانی. [١] بنەواشەیەکی هاوتەریبی یەکپارچەیی خاک لە بەستێنی چارەیخۆنووسیندا بوونی هەیە. کۆڕی گشتیی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیارنامە (XV) ١٥١٤ی خۆیدا ڕایگەیاند کە «هەر هەوڵێک کە ئامانج لێی تێکدانی بەشەکی یان تەواوەتیی یەکێتیی نەتەوەیی و یەکپارچەیی خاکی وڵاتێک بێت، دژی ئامانج و پرەنسیپەکانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانە.» و هەروەک لە سەرەوەدا ئاماژەمان پێ دا، ئەم بابەتە لە ئاماژەی بەیاننامەی پەیوەندییە هاوڕێیانەکان بە «یەکپارچەیی خاکی هەر دەوڵەت یان وڵاتێک»دا ڕەنگ دەداتەوە. [١] (دادگای نێودەوڵەتیی داد، گونجانی جاڕنامەی تاکلایەنەی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی، بۆچوونی ڕاوێژکاری، ڕاپۆرتەکانی دادگای نێودەوڵەتیی داد (٢٠١٠)، بڕگەی ٨٢-٨٣.)

## ژێدەرەکان / ناساندنی چەند بابەتێک بۆ خوێندنەوەی زیاتر


بەیاننامەی پێدانی سەربەخۆیی بە خاک و گەلانی کۆلۆنیاڵی و ئیستعمارکراو (بڕیارنامەی (XV) ١٥١٤ی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێکەوتی ١٤ی کانوونی دووەمی ١٩٦٠دا)

بەیاننامەی بنەواشەکانی یاسای نێودەوڵەتی لەمەڕ پەیوەندییە هاوڕێیانەکان و هاوکاریی نێوان دەوڵەتان بەپێی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان (بڕیارنامەی (XXV) ٢٦٢٥ی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێکەوتی ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠دا)

پێناسەی دەستدرێژی، پەسندکراوی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیارنامەی (XXIX) ٣٣١٤ لە ڕێکەوتی ١٤ی کانوونی دووەمی ١٩٧٤دا

H M Waldock, "The Regulation of the Use of Force by Individual States in International Law", 81 Hague Recueil 1952, 415

Blay, "Territorial Integrity and Political Independence", in: Max Planck Encyclopedia of Public International Law (with further references)